# هەواڵنامەی مرۆیی
# عێراق

حوزەیرانی ٢٠١٩

## لەم ڕاپۆرتە هەواڵنامەیەدا


هەڵسەنگاندنی سندوقی مرۆیی عێراق لا.١
داخستن و یەکگرتنی خێوەتگە لا.١
کاروانی فرە ئاژانس بۆ دووزخورماتوو لا.٢
سەردانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەغدا لا.٤




سەرچاوە: ئۆچا/لەلایەن یوڤێت کرافتی

خێوەتگەی قەرەتوو بۆ ئاوارەکان، لە سلێمانی، عێراق (١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٩)

## هەواڵە سەرەکیەکان

- هەڵسەنگاندنی پاڵپشتی دارایی بە کۆمەڵی جیهانی لەسەر بنەمای وولات دێتە عێراق
- پلانەکان دانراون بۆ داخستن و یەکگرتنی خێوەتگەی ئاوارەکان.
- نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی ئاسانکاری دەکات بۆ کاروانێکی هاوبەش بۆ دووزخورماتوو.
- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم سەردانی خۆی بۆ عێراق ئەنجام دەدات.

## ژمارەکان

| | |
|---|---|
| ٦,٧ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە |
| ١,٧٥ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە بە ئامانجکراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٥ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە ئاوارەی ناوخۆیین لە ناو خێوەتگەکانن بە ئامانج کراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٥٥ ملیۆن | #ئەو ئاوارانەی کە لە دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن بە ئامانجکراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٥ ملیۆن | #ئەو ئاوارە گەڕاوانەی کە بە ئامانج کراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٠,٢ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان بە ئامانجکراون بۆ هاوکاری کردنیان |

## پاڵپشتی کردنی دارایی

٧٠١,١ ملیۆن
داواکراوە بە دۆلاری ئەمەریکی $

٣٠٪ لەسەدای پاڵپشتی دارایی کراوە
(هەروەك لە ڕێکەوتی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٩)

## کاروانی هەڵسەنگاندنی سندوقی مرۆیی عێراق

دۆزینەوەکانی ئەم دواییەی کاروانی هەڵسەنگاندنی سندوقی مرۆیی عێراق بڵاوکراوەتەوە. هەڵسەنگێنەران سەردانی عێراقیان کرد لە ڕۆژانی ١٠ تاکو ٢١ی حوزەیران و چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا لەگەڵ کۆمەکبەخشان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان (ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی) و گروپەکانی جەختکراو لە ئەندامانی کۆمەڵگا. دۆزینەوە سەرەکیەکان لەوانە سندوقی مرۆیی عێراق بەشداری کردنێکی گرنگی هەبوو لە دڵنیایی دان لە بەهاناوەچوونێکی کاتی و کاریگەر، و بەرەوپێشووەچوونەکان هەبوون لە بەکارهێنانی ستراتیجی پاڵپشتیە داراییەکان لە ساڵی ٢٠١٧ بەرەو دواوە، هەرچەندە فشار هەبوو لەسەر سندوقەکە تاکو بەهانای کۆمەڵێك لە کارە لەپێشینەکانەوە بچێت. بە شێوەیەکی گشتی، هەڵسەنگێنەران ئەوەیان دۆزیەوە کە هاوکاریەکی فراوان هەبوو بۆ هەوڵی زیاتر تاکو گەندەڵی بگیرێ و بناسێندرێت، بەڵام تێبینی ئەوەیان کرد کە هەوڵەکانی لەم چەشنە کاریگەری دەبێت بۆ جێبەجێکردنی سندوقی مرۆیی عێراق و سیستەمی فراوانتری مرۆیی لە عێراق. هەڵسەنگاندنەکە تیشکی خستە سەر بارگرژیەکان لە هاوکاری کردنی سندوقی مرۆیی عێراق بۆ پابەندیەکانی ڕێککەوتنی گەورە سەبارەت بە خۆماڵی کردن و بەرپرسیارێتی و لەبەرچاوگرتنی بەڕێوەبردنی مەترسی.




سەرچاوە: ئۆچا/لەلایەن یوڤێت کرافتی، نۆرینگەی گەڕۆك هاوکاری کراوە لەلایەن سندوقی مرۆیی عێراق؛ خێوەتگەی تازە دێ بۆ ئاوارەکان، لە سلێمانی، (حوزەیرانی ٢٠١٩).

لە کۆبوونەوەی دەستەی باڵای سندوقی مرۆیی عێراق لە ڕۆژی ٢٠ی حوزەیران، ئەندامان بەکارهێنانی شێوازی یەدەگی سندوقەکەیان پەسەند کرد بۆ هاوکاری کردنی کاری بەردەوامی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق لە یەکەی هەماهەنگی حکومی. ئەم یەکەیە هاوکاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەکات لە ناو عێراق بۆ تۆمارکردنی ناویان، ڤیزا، کێشەکانی باج و هاوردەکردن، هەروەها هاوکاری دەکات لە داواکاریەکانی کارگێڕی حکومی کە هاتنەژوورەوەی ڕێکخراوی ناحکومی و توانای کارکردنیان سنوردار دەکات. لە ژێر تەرخانکردنی یەدەگ لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ لە سندوقی مرۆیی عێراق پاڵپشتی دارایی کردووە لە دامەزراندنی ئەم یەکەیە، و ئێستا دەگەڕێت بەدوای دڵنیابوون لە تەواوکاری گەورەتر لە نێوان کاری ئەم لێژنەیە و کاری دەستگەیشتنی فراوانتری نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی.

# داخستن و یەکگرتنی خێوەتگە

داخستن و یەکگرتنی خێوەتگەی ئاوارەکان لە ناو عێراق بەردەوام بووە لە ساڵی ٢٠١٩، لەو کاتەی کە هاوکارانی مرۆیی و دەسەڵاتدارانی حکومی هەماهەنگی دەکەن بۆ تواناپێدانی زیاتری گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان و دڵنیابوون لەوەی کە خێوەتگەکان کەمترین ستاندەریان هەیە. ٣٠ خێوەتگە داخراون یان یەکیان گرتووە لە ساڵی ٢٠١٨؛ لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، ١١ خێوەتگە داخرابوون و ٥ خێوەتگەش بەشێکیان یەکیانگرتووە، بەهۆی ئەوەی کە بەشەکانی خێوەتگەکان بەکارنەهێندراون یان کەرەستەی تەواویان تێدا نیە لەو بەشانەی نیمچە خێوەتگەکان.




هاوکارانی مرۆیی ڕازیبوون بەوەی کە یەکگرتن و داخستنی خێوەتگە لەوانەیە پێویست بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەمترین ستاندەرەکان پڕکراونەتەوە، بەڵام هەر گەڕانەوەیەکی ئاوارەکان دەبێت بە سەلامەتی، بەخۆبەخشانە، پێراگەێندراو، بەشکۆداری و هەمیشەیی بێت.

زۆربەی خێوەتگەکان بە داگیرکراوی دەمێننەوە، و هەندێك لە خێوەتگەکان بەردەوام ئاوارەی تازە هاتوو وەردەگرن. بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناو خێوەتگەکان دەمێننەوە، دواترین توێژینەوەی مەبەستداری ئاوارەکان ئەنجام دراوە لەلایەن هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە لە (داتای بڵاوکراوە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٩) ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها پێنج لەسەدای ئاوارەکان نیازیان وایە کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان لە ماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا. پشتڕاستکردنەوەی ژمارەکانی سەرۆك خێزان و دانیشتوان لە شێوەی خول لەگەڵ پلانەکانی داخستن و یەکگرتنی خێوەتگە ئەنجام دەدرێن. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نارێکیان دەستنیشان کردووە لە ژمارەکانی دانیشتوان بۆ هۆکارەکانی لەوانە گەڕانەوەی تۆمارنەکراو و جولانەوەکانی دەرەوەی خێوەتگەکان، هەروەها زیادبوونی مەبەستداری گومانکراو لە ژمارەکان تاکو هاوکاری دابەشکراو زیاد بکات.

بە هاوتەریبی ئەمەش، ڕاپۆرتەکانی گواستنەوەی زۆرملێ و گەڕانەوەی ئاوارەکان زیاد دەکەن، بە تایبەتی لە ئەنبار، لەو شوێنەی کە هەندێك لە خێزانەکان لە خێوەتگەی عامریەت ئەلفەلوجە لەلایەن هاوکارانی ئاسایش ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێریان پێدراوە تاکو ئەوێ بەجێ بێڵن. هاوکارانی پاراستن نیگەرانن سەبارەت بە هەڕەشەکانی ئاوارەکان، هەبوونی کەسانی سەربازی لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان، سنوردارکردنی گەلێك خراپی جولانەوە و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان، وەکو خۆراك و چاودێری تەندروستی. هاوکارانی مرۆیی ڕازین کە یەکگرتن و داخستنی خێوەتگە لەوانەیە پێویست بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەمترین ستاندەرەوەکان پڕکراونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت هەر گەڕانەوەیەکی ئاوارەکان بە سەلامەتی و خۆبەخشانە و پێڕاگەێندراو و بەشکۆداری و هەمیشەیی بێت.

# کاروانی فرە ئاژانس بۆ دووزخورماتوو

**گفتوگۆیەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی لەسەر پێویستیە جەختکراوەکانی دووبارە بنیاتنانەوە**



سەرچاوە: ئۆچا/یوڤیت کرافتی، سلێمان بەگ، سەلاحەددین، (٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٩)

لە ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٩، هاوکارانی مرۆیی کۆبوونەوە لەگەڵ قائیمقام و ڕاوێژکارانی دووز خورماتوو و سلێمان بەگ، قەزای دووز، سەلاحەددین. شوێنێکە کە پێویستیەکی گەلێك زۆری مرۆیی هەیە و تاکو ئەمڕۆ توانای دەستگەیشتنی سنورداری مرۆیی هەیە. بەرپرسانی قەزای دووز پێشوازیان کرد لە هاوکاران و جەختیان کردەوە لەسەر پێویستی بۆ چالاکی مرۆیی بۆ هاندانی خەڵك تاکو بگەڕێنەوە. بەرپرسان ئەوەیان دەربڕیوە کە بارودۆخی ئاسایش سەقامگیربووە، بەڵام هۆکارە سەرەکیەکانی زۆربەی خەڵك کە نەگەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریە پێویستەکان و ژێرخان. وەك دەرەنجامێك، بەرپرسان بانگهێشتی ئاژانسەکانیان کردووە تاکو ئامادەیی زیاتریان هەبێت لە دووز و گەرەنتیشیان پێدان لەوەی کە هیچ بەربەستێك نایەتە پێشەوە لە چوونەژوورەوە تاکو توانایان پێبدات دەستیان بگات بەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە و بە ناوچەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان.

## سەردانی هاوبەش بۆ سلێمان بەگ



سەرچاوە: ئۆچا/یوڤێت کرافتی سەنتەری چاودێری تەندروستی، سلێمان بەگ، سەلاحەددین، (٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٩)

قائیمقامی سلێمان بەگ هاوەڵی ئەندامانی کاروانی فرە ئاژانسی کرد بۆ شارۆچکە وێرانبووەکەی، لەوێ کە هەموو باڵەخانەکان دووچاری زیانی بەشێك یان تەواوی پێکهاتە بوونەتەوە، لەوانە هەموو خانووەکان، باڵەخانەکانی چاودێری تەندروستی، قوتابخانەکان، سەنتەری گەنجان و وێستگەی چارەسەرکردنی ئاو. بەسەرکەوتوویی لابردنی پاشماوە زۆربەی تەقەمەنیە مەترسیدارەکانی لەناوبردووە، هەرچەندە، شارۆچکەکە بە ناسەلامەتی دەمێنێتەوە، لەگەڵ هەبوونی تەقەمەنیە تەقەمەنیە نەتەقیوەکان و هیچ لابردنێکی مینیش ئەنجام نەدراوە. سەرەڕای ئەمەش، ٨٠٠٠ کەس گەڕاونەتەوە بۆ شارۆچکەکە، کە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەبا و چاودێری تەندروستی و و خانووبەرە نیە. ئاژانسە مرۆییەکان پابەندن بە زیادکردنی ئامادەییان لە ناوچەکە و بەرپرسان گەرەنتیان داوە لە هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئاژانسەکان، کە بەرپرسێك هەڵدەبژێرن و پابەند دەبن بە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکان. نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکاران کۆبوونەوەیەکی هەماهەنگی مانگانە ئەنجام دەدات لەگەڵ بەشداری کردنی هاوکارانی مرۆیی و پەرەپێدان بۆ دامەزراندنی کارە لەپێشینەکان.

## ئاگرکەوتنەوە لە وێستگەی گۆگردنی موسڵ

لە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیران ئاگرێك ڕاپۆرتکرابوولە کێڵگە کشتوکاڵیەکان لە نزیك ناوچەی یەکتربڕی شورە لە ناو خودی ناوچەی وێستگەی گۆگردی ئەلمیشراق لە نزیك موسڵ. تیمەکان لە بەرگری شارستانی، سەربازی و پۆلیس کۆنترۆڵی ئاگرەکەیان کرد، کە سێ ڕۆژی خایاند بۆ کوژاندنەوەی. تیمەکانی فریاگوزاری لەوانە هێزی پاڵپشتی نێردران لە بەغدا و هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری کردن و بەهاناوەچوون، و ١٠ کەس ڕەوانەی نەخۆشخانە کران بەهۆی ئاڵۆزیەکانی هەناسەدان. هەندێك لە هاووڵاتیان لە خێوەتگەکانی گەیارە و حاج عەلی زیانیان پێگەیشتبوو بەهۆی دوکەڵی ئاگرەکە. بەڕێوەبەرانی خێوەتگە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەیان ئەنجام دا لەسەر ژەهراوییبوون بەهۆی گۆگرد، و هاوکارانی تەندروستی پشتڕاستیان کردەوە کە ئەوان کۆگای تەواویان هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی بارودۆخەکە و بەهاناوەچوونی پێویست ئەنجام بدەن.

## نۆژەنکردنەوەی بەنداوی موسڵ

لە ڕۆژی ٢١ی حوزەیران، بەرپرسانی عێراقی و ئیتاڵی و ئەمەریکی نۆژەنکردنەوەی بەنداوی موسڵیان بە کۆتا هێنا بە بڕی ٥٣٠$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی کە بۆ ماوەی سێ ساڵی خایاند. بەنداوەکە – کە گەورەترینە لە عێراق و لە نێوان گەورەترینەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – شوێنەکەی بە درێژایی ڕووباری دیجلەیە ٢٥٠ میل لە بەغداوە دوورە. بەنداوەکە ٣٧١ پێ قوڵە و ٢,١ میل درێژە و بە درێژایی ٣٣ ساڵەی مێژووەکەی کۆمەکی ئاو و کشتوکاڵی و کۆنترۆڵی لافاو وکارەبای دابین کردووە. هەرچەندە، لەسەر بنچینەیێکی جیۆلۆجی بنیاتنراوە لەگەڵ چینەکانی گێچ، ئاوێکی تواوە، و بەهۆی ئەم پێکهاتەیە، کە پێویستی بە چاککردنەوەی بەردەوام هەیە تاکو دانەڕمێت لەو کاتەی کە بنچینەکە دادەخورێت. داعش دەستی بەسەر بەنداوەکە داگرت بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ساڵی ٢٠١٤، و هەرچەندە بە خێرایی ئازادکرا، چەکدارەکان زیانیان گەیاند بە ئامێر، کەل و پەلەکانیان دزی و بە ناچاری کاری چیمەنتۆکردن بۆ چەندین مانگ تیایدا وەستا. نیگەرانی لەبارەی سەقامگیری بەنداوەکە گەشەی سەند، و هێزی کاری فرە نەتەوە بۆ بەنداوی موسڵ لە ئەیلولی ٢٠١٦ دەستیان بە کار کرد، لە کۆتاییدا لە حوزەیرانی ٢٠١٩کارەکەی تەواوبوو، هەرچەندە کاری چاککردنەوە بەردەوام دەبێت تیایدا.




سەرچاوە: ئۆچا
بەنداوی موسڵ

لە مانگی ئایاری ٢٠١٩، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی کاروانێکی مەیدانی بۆ بەنداوی موسڵ ئەنجام دا بۆ هەڵسەنگاندنی میکانیزمەکانی ئامادەکاری تەنگەتاوی بۆ ئەگەری دروستبوونی لافاو. بەڕێوەبەری بەنداو ئەوەی ئاماژە پێدا کە لەو کاتەی وەرزی زستانی ٢٠١٨ – ٢٠١٩لە نێوان تەڕترین تۆمارەکان بوو، توانای ئێستای بەنداوەکە زیاترە لەو توانایەی بۆ هەڵمژینی هەر شەپۆڵێکی تر بۆ ناوی. لە ئێستادا دوو پلانی ئامادەکاری و سەلامەتی هەیە و سێیەم پلانی

تەنگەتاوی لە کاتی تەواوبووندایە بە هەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان. قەبارەکانی دەرچوونی ئاو لەنزیکەوە چاودێری کراون بۆ کەمکردنەوەی مەترسی بۆ سەر ناوچەکانی ئاستی نزمتر. بەنداوەکە هەستیاری تێدا چەسپکراوە و بیست و چوار کاتژمێر چاودێری دەکرێت، و لەلایەن هەردوو هاوکارانی عێراقی و نێودەوڵەتیەوە بەڕێوە دەبرێت. زیاتر لە ۲۰۰۰ خێزان کە لە لادێیەکانی نزیك لە بەنداوی موسڵ نیشتەجێن ئێستا گەڕاونەتەوە.

## باشترکردنی خولی بەرنامەدانانی مرۆیی

نزیکبوونەوەی باشترکراوی خولی بەرنامەدانانی مرۆیی کاریگەرێتی بەهاناوەچوونی مرۆیی باشتر دەکات، و جۆرێتی شیکاری پێویستیەکان زیاد دەکات تاکو یارمەتیدەر بێت بۆ بڕیاردان و توانایێدان بە چاودێری کردنێکی مانادراری پێویستیەکان و ئەنجامەکان.

لە دوای ڕاوێژی دووردودرێژ لەگەڵ هاوکاران، سیاسەتی کرداری لێژنەی کاری فرە ئاژانس و گرووپی بانگەشە نزیکبوونەوەی خولی بەرنامەدانانی مرۆیی باشترکراوی پەسەندکرد کە ئەمەش کاریگەرێتی بەهاناوەچوونی مرۆیی باشتر دەکات، جۆرێتی شیکاری پێویستیەکان زیاد دەکات بۆ یارمەتیدان لە بڕیاردان و توانایێدان لە چاودێری کردنێکی مانادراری پێویستیەکان و ئەنجامەکان. نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی عێراق و هاوکارانی مرۆیی ڕێبەری تازە دەگرنە بەر لەگەڵ باشترین کردار لەوەی ساڵی ۲۰۱۸ بۆ بەهێزکردن و سوودمەندێتی تێڕوانینی پێویستیە مرۆییەکان و پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی.

خولی بەرنامەدانانی مرۆیی توانا بە کۆمەڵگای مرۆیی دەدات تاکو هاوکاری مرۆیی بە شێوەیەکی گونجاو ، کاریگەر و هەماهەنگیکراو بگەێننە دەستی ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیە. پێك دێت لە کارێکی زنجیرەیی بەردەوام و هەماهەنگیکراو بۆ: ١-گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ پێویستیە مرۆییە زۆر پێویستەکان لەسەر بنەمای بەڵگە (سەیری تێڕوانینی پێویستیە مرۆییەکانی ۲۰۱۹ بکە)؛ ۲-بە هاوبەشی نەخشەدانانی پلانێکی ئامانجدار بۆ بەهاناوەچوونی پێویستیە گەورەکان و بۆ بانگەشەکردن لە زیادکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ کارە لەپێشینەکانی مرۆیی (سەیری پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی ۲۰۱۹، سندوقی مرۆیی عێراق بکە)؛ و ۳- چاودێری کردنی پێویستیە سەرهەڵداوەکان و کۆی گشتی بەهاناوەچوون (چاوپیاخشاندنەوەی چاودێری کردنی کاتی)

لە عێراق، جێبەجێکردنی پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی ۲۰۱۹ لە ڕێگادایە و پلاندانانی خولی بەرنامەدانانی مرۆیی بۆ ۲۰۲۰ دەستی پێکردووە. چاوپیاخشاندنەوەی چاودێری کردنی کاتی ۲۰۱۹ لە ئێستادا ئەنجام دراوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەکەی پێشبینی دەکرێت بۆ مانگی ئاب. کۆکردنەوەی سەرەتایی داتا و زانیاری، چاوپیاخشاندنەوە و شیکاری لە ڕێگادایە بۆ خولی ٤ی هەڵسەنگاندنی یەکخراوی شوێن و خولی ٧ی هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە گرووپ. دۆزینەوەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێڕوانینی پێویستیە مرۆییەکان بۆ ساڵی ۲۰۲۰، کە پلانی بۆ دانراوە تەواو بکرێت لە چارەگی سێیەمی ساڵی ۲۰۱۹.




## سەردانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق

لە ڕۆژانی ۲۸ تا ۲۹ی حوزەیران، ئەنجومەنی ئاسایش یەکەم سەردانی خۆی بۆ کۆماری عێراق ئەنجام دا، لە نێردەیەك کە بە هاوبەشی سەرکردایەتی کرا لەلایەن وڵاتی کوەیت، کە ئاڵوگۆڕی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایش بەڕێوەدەبات، و وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ سەرۆك بەرهەم سالح، سەرۆك وەزیران عادل عبدالمهدی، وەزیری دەرەوە عەلی ئەلحاکم، ووتەبێژ محمد ئەلحەلبوسی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، نوێنەران لە ئەنجومەنی نوێنەران، یۆنامی و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وولات، و ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان کۆبوویەوە.

ئەنجومەنی ئاسایش پێشوازی لەو بەرەوپێشوەچوونانە کرد بەرەو پێکهێنانی حکومەتی عێراق، لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی وەزیرانی دار، بەرگری و ناوخۆ، و پابەندبوونی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان. ئەندامانی کۆبوونەوەکە ئاماژەیان دا بە بەرەنگاریەکان کە دووچاری عێراق دەبێتەوە لە گواستنەوە بۆ ژینگەی دوای ململانێ، لەوانە گەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و تیشکیان خستە سەر هاوکاریەکانیان بۆ هەوڵەکانی چاککبوونەوەی بەردەوامی عێراق لە دوای ململانێ، سەقامگیری، دووبارە بنیاتنانەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی تەواوی عێراقیەکان. ئەنجومەنەکە باسیان لە بارودۆخی مرۆیی کرد لە ناو عێراق

و جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی گەڕانەوەی ئاوارەکان بە سەلامەتی، بە شکۆداری و بە خۆبەخشانەی ئاوارەکان کە بەهۆی ململانێ زیانیان پێگەیشتووە، لەوانە ئەو ناوچانەی کە لە دەستی داعش ڕزگارکراون.



سەرچاوە: کاروانی ووڵایەتە یەکگرتووەکان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا، عێراق
(٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٩)

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:

**هیلاری ستۆفێر**، سەرۆکی ڕاپۆرتکردن و سیاسەت و ستراتیجی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە staufferh@un.org یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنە (+964) 782 780 4622

**یوڤێت کرافتی**، بەرپرسی کاروباری مرۆیی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، yvette.crafti@un.org یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنە (+964) 751 740 3858

هەوڵنامە مرۆییەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لەمماڵپەڕانە بەردەستن، www.unocha.org/iraq | www.unocha.org | www.reliefweb.int